# Praise poetry from the perspective of Plato's critical views (Baban Poetry School) for example

Rebwar Muhammed Ismael
Department of Kurdish Language - College of education - Salahadin University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.05*

*Published: 15/1/2025*


## *Abstract*

*This research is a way to present the content of the praise poetry of the Baban princes within the framework of Plato's theory, which is the popularity of praise poetry.*
*Praise is one of the subjects that constitutes the content of poetry along with other subjects. This purpose is reflected in the intellectual level of the text , based on the influence of morality and public benefit such as praise poetry, especially praise of heroic leaders, which he considers to carry an appropriate content and public benefit.*
*Kurdish poetry is not excluded from this kind of poetic purpose, so from this point of view, these poems, which carry the content and purpose of praise, are discussed in the Baban poetry school, especially these poems written for the emirs of Baban Empire and their warriors. The existence of such poems is interpreted and evaluated in terms of Plato's views and principles of acceptance of poetry. For these poets, the positive and social impact of praise poetry in the Baban poetry school is presented As a result of historical information, evaluation and analysis of the poems, we can understand the artistic aspects of this poetic purpose.*


***Keywords:*** *preference, praise poetry, purpose of poetry, literary influence, Baban school.*

# شیعری ستایش لە ڕوانگەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئەفلاتوونەوە

# (قوتابخانەی شیعریی بابان) بە نموونە

پ.ی.د. ڕێبوار محمد اسماعیل (مەلازادە)
زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی پەروەردە/ بەشی زمانی کوردی
Rebwar.ismael@su.edu.krd

پوختە

ئەم توێژینەوەیە، ڕێگایەکە ناوەڕۆکی شیعری ستایشی میرەکانی بابانی لە چوارچێوەی بنەمای تیۆری ئەفلاتوون پێدەخرێتەڕوو، کە بریتییە لە (پەسەندییەتی شیعری ستایش).

ستایش لە پاڵ بابەتەکانی تر، یەکێکە لەو بابەتانەی ناوەڕۆکی شیعر پێکدێنێت. ئەم مەبەستە لە ئاستی هزری دەقدا دەرکەوتەی دەبێت، ئەفلاتوون لە خوێندنەوەی ڕەخنەیی خۆی بۆ بابەتی شیعر، کاتێک بڕیاری ڕەتکردنەوەی شیعر و شاعیریدا، ڕەتکردنەوەیەکی ڕەهانەبوو، بەڵکو چەند جۆرە شیعرێکی لەسەر بنەمای کاریگەری ڕەوشت و سودی گشتی وەک، شیعری ستایش، بەتایبەتی ستایشی سەرکردەو پاڵەوانەکانی پەسەندکرد، چونکە بەلایەوە هەڵگری ناوەڕۆکێکی شیاوە و سودی گشتی لێدەکەوێتەوە.

شیعری کوردیش، لەم جۆرە مەبەستە شیعرییە بەدەرنییە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە، ئەو شیعرانەی هەڵگری ناوەڕۆک و مەبەستی ستایشن، لە قوتابخانەی شیعریی باباندا دەخرێنەبەرباس. بەتایبەتی ئەو شیعرانەی بۆ میرەکانی میرنشینی بابان و جەنگاوەکانیان نووسراون. لە ڕوانگەی بۆچوون و بنەمای پەسەندبوونی شیعر لە لای ئەفلاتوون، لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن بۆ بوونی ئەم جۆرە شیعرانە لای ئەم شاعیرانە دەکرێت. کاریگەری ئەرێنی و کۆمەڵایەتی شیعری ستایش لە قوتابخانەی شیعریی بابان خراوەتەڕوو، بارودۆخی کلتوری و ئەدەبی ناوچەیی وەک، هۆکارێک کاریگەری بەسەر ئەم مەبەستە شیعرییەدا هەبووە، ئەم هۆکار و کاریگەر بوونە خراوەتەبەرباس. لە ئەنجامی زانیاری مێژوویی و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی شیعرەکان، بە لایەنە هونەرییەکانی ئەم مەبەستە شیعرییە دەگەین.

**وشە کلیلییەکان: پەسەندییەتی، شیعری ستایش، مەبەستی شیعر، کاریگەریی ئەدەبی، قوتابخانەی بابان.**

پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (شیعری ستایش لە ڕوانگەی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئەفلاتوونەوە "قوتابخانەی شیعریی بابان" بە نموونە)یە، توێژینەوەیەکە لەسەر شیعری ستایش، کە یەکێکە لە مەبەستەکانی شیعری کۆن، ئەم مەبەستە شیعرییە، وەک هەر ناوەڕۆک و مەبەستێکی تری شیعری بوونی بە کۆمەڵێک مەرج و هۆکارەوە پەیوەستە. بنەما و خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە. لە ناوەڕۆکی دەقی شیعریدا، شێوازی جۆراوجۆر بەرجەستە دەبێت. ئەم مەبەستە شیعرییە لەڕووی مێژووییەوە بە ناوەڕۆکی دەقەوە پەیوەستە. بەشێکە لە گوزارشتکردنی سۆز و هەستی خۆشەویستی شاعیر بەرامبەر بابەت و دیاردەیەک یان بەکەسایەتییەکی مێژوویی یان ئاینی. بۆیە هەر دەقێکی شیعری کە مەبەست و ناوەڕۆکێکی ستایش ئامێزی هەیە، لایەنی ئەرینی و نموونەیی کەسایەتییەک وێنادەکات. ئەفلاتوون، کە شیعر و شاعیران ڕەتدەکاتەوە، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی جۆرە شیعرێک پەسەنددەکات، کە خۆی لە شیعری ستایش دەبینێتەوە.

ستایش لە شیعری کوردیدا، یەکێکە لەو مەبەستە شیعرییانەی، بەشێک لە ناوەڕۆکی شیعرەکان پێکدەهێنێت، زیاتر بۆ کەسایەتیی ئاینی و نەتەوەیی بەکارهێنراوە. بۆ نموونە، لە شیعرەکانی قوتابخانەی باباندا، ئەم مەبەستە لە پاڵ مەبەستەکانی تری شیعریدا دەبینین. ئەوەی لێرەدا مەبەستە سەرەکییەکەیە، بریتییە لە ستایشی میری میرەکانی بابان و جەنگاوەر و کاراکتەرە گرنگەکانی ئەم میرنشینە، بەهۆی کاریگەریی ئەرێنی میرەکان لە بەرەوپێشچوونی میرنشینەکان. بەپێی سروشتی ئەدەبی ئەو قۆناغانە، شیعری ستایش لەم بزووتنەوەیە لە شیعرەکانی هەر یەکە لە (نالی، سالم و کوردی)یدا دەرکەوتەی هەبووە، کە دەشێت لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێت. لە سەر بنەمای ئەو بۆچوونە تیۆرییەی ئەفلاتوون، کە لەسەر شیعری ستایش خستوویەتیەڕوو. ستایشی خواوەندەکان و کاری چاکە و پاڵەوانەکان، کە لە ژانری داستاندا بەرجەستەکراوە. ئەم جۆرە شیعرە لای ئەفلاتوون بە ئەرێنی باسکراوە.

**سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە:** لە دەقی شیعرەکانی (نالی، سالم و کوردی)دا خۆی دەبینێتەوە، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان گوزراشت لە وەسف و ستایشی میرەکانی بابان دەکەن. دواتر بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون، لە چوارچێوەی ئەو بنەما تیۆرییەی ئەفلاتوون بۆ دەقی شیعری ئاماژەی پێداوە، باسدەکرێت. لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی تیۆری و ڕەخنەیی بۆ ناوەڕۆک و شێوازی ستایش لە دەقە شیعرییەکان دەکرێت، زەرووریییەتی بوونی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی ئەم مەبەستە شیعرییە دەخرێتەڕوو.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری) پەیڕەوکراوە، دوای ئەوەی وەسفی چەمکەکان کراوە و زانیاری تیۆری خراوەتەڕوو، ئینجا لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانە، بەپێی بۆچوونە ڕەخنەییەکانی ئەفلاتوون، کاری پراکتیکی لەسەر شیعری ستایشی ئەم شاعیرانە کراوە.

**پرسیار و گریمانەی لێکۆڵینەوەکە:** ستایش وەک یەکێک لە مەبەستە شیعرییەکان، بەپێی بۆچوونی تیۆری ئەفلاتوون، چۆن خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە؟ ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە چییە، کە ئەم مەبەستە شیعرییە بەسەر کۆمەڵگا و بەها ئەدەبییەوە دروستیدەکات؟

شیعری ستایش لە قوتابخانەی باباندا، بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون، چۆن لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت؟

ئایا شیعری ستایش لە قوتابخانەی شیعریی بابان کاریگەری ئەرێنی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی هەبووە؟

ئایا تایبەتمەندیی ژینگەیی و ئەدەبی ناوچەیی، شیعری ستایشی ئەم قوتابخانەی چۆن ئاراستەکردوە؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە وەڵامی پرسیارەکانی پێشتر بداتەوە و چییەتی و بەهای مەبەستی شیعری ستایش بەگشتی و بەتایبەتی لە قوتابخانەی باباندا لە ڕوانگەی بنەمای تیۆری ئەفلاتوونەوە بخاتەڕوو.

**ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکییەک و دوو بەشی سەرەکی پێکدێت: کە هەر بەشێک چەند تەوەرەیەکی لە خۆگرتوە. لە بەشی یەکەمدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە بنەمای تیۆری

ئەفلاتوون لەبارەی دەقی شیعری کراوە. ئینجا لە تەوەرەی یەکەمدا باس لە بنەمای تیۆری پەسەندییەتی شیعری ستایش لە لای ئەفلاتوون کراوە، دواتر ستایش لە بزووتنەوەی شیعری شاعیرانی بابان خراوەتەڕوو، لە دوا تەوەرەی ئەم بەشەشدا باس لە میرنشینی بابان و ستایشی میرەکانی میرنشینەکە لە دەقی شیعریدا کراوە.

بەشی دوومیش خۆی لە ستایشی کەسایەتی و جەنگاوەر و میرەکانی میرنشینی باباندا دەبینێتەوە، کە بەسەر سێ تەوەرە دابەشدەبێت. لە تەوەرەی یەکەمدا، باس لە ستایشی میر و میرنشینی بابان لە شیعرەکانی "نالی"دا کراوە. لە تەوەرەی دووەمدا، باس لە ستایشی میر و میرنشینی بابان لە شیعرەکانی "سالم"دا کراوە. لە تەوەرەی سێیەمیشدا، باس لە ستایشی میر و میرنشینی بابان لە شیعرەکانی "کوردی"دا کراوە. بۆ هەر یەکێکیان نموونە هێنراوەتەوە و شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

بەشی یەکەم

**١-١. بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون لەسەر دەقی شیعری**

بۆچوونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون لەبارەی شیعر بۆ فەلسەفە ئایدیالیستییەکەی دەگەڕێتەوە، کە پەیوەستە بە مەسەلەی بوونەوە. ئەم مەسەلەیە لە لای یۆنانییەکان هەر لە کۆنەوە جێگای مشتومڕی نێوان زانا و فەیلەسوفەکانیان بووە لەبارەی "بوون"ەوە. ئەفلاتوونیش لە چوارچێوەی فەلسەفەکەی خۆیدا، ئاماژە بە بوون دەدات، ((ئەفلاتوون "بوون" دەکات بە دوو بەشەوە، یەکەم جیهانی بیری ڕووت یان نموونەیی، کە بەدوورە لە گۆڕان و بە هۆی عەقڵەوە ڕێی پێ ئەبردێت. دووەم جیهانی هەستی، کە سێبەرو لاسایی جیهانی یەکەمە))(عەزیز، ٢٠٠٥: ١٩٢). سەرەتا ئەفلاتوون و دواتر ئەرستۆ، بۆ پرۆسەی زانین و تێگەیشتن لە دیاریدەکانی سروشت و درککردن بە بوون و حەقیقەتی مادەکان، هاتن، ئاماژەیان بە هەر یەکە لە "هەست و عەقڵ" دا. دواتر ئەمە تیۆری زانینی لەسەر بیناکرا. ئەفلاتوون گەیشتە ئەو

ئەنجامەی، مەرج نییە، ئەوەی هەستەكان دركی پێ دەكەن، حەقیقەت و جەهەری مادەكە بێت. بەڵكو هەستەكان دەتوانن لە سنوری لاساییكەرەوە درك بەشتەكان بكەن و زانین بەدەستبێنن، بەڵام عەقڵ تایبەتە بە جیهانی موتڵەق و جیهانی ئایدیا. ئینجا ئەفلاتوون هەر لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفەیەدا ئاماژە بە كاری ئەدەبی و هونەری دەدات، بۆ ئەمەش ئاماژەی بۆ سێ جیهان كردوە، كە بریتین لە (("جیهانی نموونەیی" و "جیهانی سروشت" و "جیهانی سێبەر". ئەوەی وێنەكێش دروستیدەكات، وەك وێنەی قەرەوێڵەیەكە، حەقیقەتی ئەوشتە نییە. چونكە ئەوەی دارتاش دروستیدەكات، ماهییەتی قەرەوێڵە نییە، بەڵكو دارتاش شتێك دروستدەكات، كە هاوشێوەی حەقیقەتە بێ ئەوەی هەمان شتبێت))(ئەفلاتوون١، ٢٠٠٦ :٤٧٤ ـ ٤٧٥). ئەفلاتوون بۆ ئەومەبەستە، بازنەیەكی تری لاساییكردنەوە زیاددەكات، ئەم بازنەیە بەلای ئەفلاتوونەوە ناپەسەند و ناپێویستە و سیفەتی نەرێنی هەیە، لە ناو ئەم بازنەیەشدا لێكدانەوە بۆ شاعیرو هونەرمەندان دەكات.

ئەفلاتوون لە ڕوانگەی بنەما ڕەوشتی و دەروونییەكانەوە، باس لە كاریگەرییە نەرێنییەكەی شیعر بەسەر تاك و كۆمەڵگادا دەكات، چونكە ئەفلاتوون لە فەلسەفەكەی خۆیدا، بۆ بنیاتنانی كۆمار و یۆتۆپیاكەی زۆر جەختی لەسەر بنەمای ڕەوشت و چاكە كردۆتەوە، هەروەك دەڵێت: ((ئایا تەنیا سەرپەرشتیی شاعیرەكان دەكەین و ناچاریان دەكەین وێنەی چاك لە هۆنراوەكانیاندا دەرببڕن؟ ڕێگا بەو هونەرمەندە دەدرێت كە سەرپێچی ئەم بڕیارانە دەكات لە شارەكەمان بژی و نموونەی خراپ بە پاسەوانەكانمان نیشانبدات و دەروونیان پڕ لە خراپە بكات؟ پێویستە، بە دوای هونەرمەندی كارچاكدا بگەڕێین، تاوەكو لاوان ژیانێكی تەندروستمەندیان هەبێت، سوود وەرگرن و لە منداڵییەوە فێری هاوڕێی هاڕمۆنی و جوانیی ژیان بن. ئەم شێوەی دوایی بۆ لاوان چاكترین جۆری پەروەردەكردنە))(ئەفلاتوون١: ١٠٠)، ئەفلاتوون جەخت لەسەر كۆمەڵێك ڕەهەندی ڕەوشتی و فكری دەكاتەوە، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای ناوەڕۆكی هونەری تاوەكو ئامانجی پەروەردەییەكانی تاك بەجێبگەیەنێت، بۆیە دەبینین، ((ئەو لاوەی، كە ئەفلاتوون دەیەوێت بیكات بە سەرپەرشتیاری یۆتۆپییایەكەی، دەبێت كۆمەڵێك سیفەتی فكری و ئەخلاقی هەبێت. دەبێت ئەم لاوە دادپەروەر بێت، میهرەبان و خوازیاری فێربوونی زانست و خاوەن بیرێكی بەهێز و ڕۆحییەتێكی هاوسەنگ بێت))(ڕاسێل، ٢٠١١ :٢٢٨). بە بڕوای ئەفلاتوون، كەسایەتی شاعیر لەو بنەما ڕەوشتییانە دوورە. نەك هەر ئەوەندە، لەبەر ئەوەی شاعیر مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆز دەكات، بۆیە مەترسی ڕەوشتی لە سەر تاكەكانی تری ناو كۆمەڵگا هەیە. لەبەر ئەوەیە ((شاعیر هەڵدەستێت بە زیندووكردنەوە و وروژاندنی سۆزی مرۆڤ و تاكێكی سۆزدار بنیاتدەنێت، بەمەش دووریان دەخاتەوە لە بەكاربردنی

عەقڵ. لەجیاتی ئەوەی، کە سیفەتی سۆزداری لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دووربخاتەوە، بە ئەرکی پێچەوانەی ئەمە هەڵدەستێت))(الماضي، ١٩٨٤ :٢٥). بەپێی بۆچوونی ئەفلاتوون شاعیر خۆی کەسێکی هەستییە و لە ژێر کاریگەریی سۆز دایە، هەرگیز ناتوانێت مرۆڤێکی عەقڵانی و بە ڕەوشت بنیاتبنێت، کە کۆمەڵگا بپارێزێت. ((کەواتە، شیعر شتێکی بێکەڵکە بە تایبەتی شیعری درامی، لەبەر ئەوەی ئەو چێژەی لە شانۆدا هەستی پێ دەکەین، چێژێکە ئازاری لەگەڵدایە، بەمەش شاعیرەکە بینەر چەپەڵ و ترسنۆک و عاتیفی دەکات))(بەرزنجی، ٢٠١٦ :١٧). واتە، بە بۆچوونی ئەفلاتوون شیعر و ناوەڕۆک و کاریگەرییەکەی ڕۆڵی لە پەروەردەکردنی تاک و بنیاتنانی دیاردە دەروونییەکانی تاک هەیە. کە دەشێت، تاک لە ڕێگای ناوەڕۆکە سۆزدارییەکەیەوە بە ئاراستەی کەسایەتییەکی هەستیار و بەسۆز بڕوات. ئەم جۆرە کەسایەتییەش هەرگیز ناشێت ببێت بە سەرکردە و جەنگاوەر و پاڵەوان بۆ بەرگریکردن و پاراستنی وڵات، لەکاتێکدا بەرگریکردن لە وڵات و پاراستنی بەها ڕەوشتییەکان، گرنگترین بەشە لە کۆمارەکەی ئەفلاتوون. بۆیە بە بڕوای ئەفلاتوون، دەبێت ئەدەب و هونەر بکرێتە ئامرازێک، لە خزمەت بنیاتنانی کەسایەتی جەنگاوەر و پاڵەواندا بێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕێگای بەم جۆرە دەقە شیعریيانە داوە، کە ئەم ئەرکە جێبەجێدەکەن، خۆیان لە ستایشی پاڵەوان و جەنگاوەرەکاندا دەبینێتەوە. ئەم دەقە لێکەوتەی ئەرێنیی هاندانی جەنگاوەرانی لێدەکەوێتەوە و ئازایەتی بەرهەم دێنێت.

### ٢.١. بنەمای تیۆری پەسەندییەتی شیعری ستایش لە لای ئەفلاتووندا

لە ناو هەموو جۆرەکانی شیعردا، لەبەر زەروورییەتی سەردەمەکە و پەیوەستبوونی قۆناغەکە بە دەقی شیعری، چونکە شیعر کاریگەریەکی زۆری بەسەر خەڵکەکەوە هەبوو، ئەفلاتوون دێت، هەڵاوێردێک بۆ جۆرە شیعرێکی دیاریکراو دەکات، کە خۆی لە شیعری داستانیدا دەبینێتەوە. ئەمەش بۆ ناوەڕۆک و مەبەستە شیعرییەکەی دەگەڕێتەوە، کە زیاتر بە وەسف و ستایش و خستنەڕووی شەڕو پاڵەوانییەتی جەنگاوەر و سەرکردەکانەوە پەیوەستە. ئەمەش بۆ ئەوەیە، خەڵک و گوێگر بەم ئاراستە پەروەردەبکرێن. لە ڕووی دەروونییەوە بە جەنگاوەرو پاڵەوانەکان کاریگەربن، وەک نموونەیەکی باڵای کۆمەڵگا سەیربکرێن، کە ئەرکی پاراستنی وڵاتیان لەسەر شانە. خەڵکانی تریش بەهامان شێوە و بە ئاراستەی کارکردنی ئەواندا بڕۆن. لەم ڕوانگەیەوە، ئەو شیعرانە پەسنددەکات، کە ناوەڕۆکیان ستایش ئامێزە. هەروەک دەڵێت: ((ستایشکردنی مرۆڤە چاکەکان تەنیا هۆنراوەیەکە لە شارەکەی ئێمەدا

"لەبەرنامەی پەروەردەییەکەماندا" ڕێگەی پێبدرێت))(ئەفلاتوون١: ٣٣٥)، ئەو شیعرەی بانگەشە بۆ بەهێزکردنی دەوڵەت و کاری چاکەخوازی دەکات، بە مەرج ڕێگای پێداوە. واتە ((ئەفلاتوون ڕێگەی بە هەندێک جۆری شیعر داوە و بڕیارەکەی ڕەها نییە، چونکە هەموو شاعیرێک و ناوەڕۆکێک ناگرێتەوە، بە مەرج هەندێک جۆری شیعری قبوڵکردوە، وەک ئەو شیعرانەی دەربارەی پاڵەوانەکان و خواوەند و ناودارەکانن، شاعیر نابێ هیچ شتێک بڵێت پێچەوانەی دەستوور بێت، هەرشتێ بنووسێ بەر لە هەموو کەسێک دەبێ نیشانی دادوەرانی بدات))(گەردی، ٢٠١٧:٥٠)، لەسەر بنەمای ئەوەی، کە ئەم جۆرە شیعرە لێکەوتەی ئەرێنی هەیە، کاریگەری باش لەسەر دەروونی تاک دروستدەکات، کە هەستی وڵاتپارێزی و شانازیکردن و هاندان و ئازایەتیی لای گوێگر بەرهەمدێنێت، ((لەم جۆرە شیعرەدا شاعیر ستایشی کەسێکی ناودار، یان کەسێکی ئاینی، یاخود هەندێک جار ستایشی چاکەی خەڵکی شار و نەتەوەیەک دەکات، ستایش لەگەڵ شانازیکردندا تێکەڵاو و تێکچڕژاون))(حوسێن ـ مەولوود، ٢٠١٨: ١٤٩). لەبەر ئەوەی پاراستنی کۆمەڵگا و یاسا و وڵات ئامانجی سەرەکییە، بۆیە ئەمە لای ئەفلاتوون بە دوو ڕێگا جێبەجێدەکرێت، یەکەم پاراستنی یاسا و ستایشکردنی کاری چاکە لە ناو خەڵکدا. دووەم بەهۆی حوکمڕانی و پارێزگاریکردن لە وڵات لە ڕێگای سەرکردە و پاڵەوان و جەنگاوەرانەکانی وڵات دەکرێت. بۆیە لای ئەفلاتوون ستایشکردنی یاسا و کاری چاکە و پاڵەوانەکان بە بنەمایەکی پەسەند دانراوە، بە سیفەتی ئەوەی کە ((ئەم جۆرە شیعرەی هاندان و ستایشی پاڵەوانەکان و خواوەندەکان لەخۆی دەگرێت، هەستی بەرگری و کاریگەربوون بە پاڵەوانەکان و خواوەندەکان زیاتر دەکات))(عثمان، ٢٠١٦: ١٣٥). بە ئەمەش گوێگر بە ئاراستەی ئەرێنی پەروەردە دەبێت. کاتێکیش جیاوازی لە نێوان شیعری داستانی و درامی دەکات، دان بە شیعری داستانی دادەنێت، بەهۆی ناوەڕۆک و مەبەستی شیعرییەوە. لەکاتێکدا شیعری داستانیش هەر سەر بە جیهانی لاساییکردنەوەیە، بەڵام ئەفلاتوون بەهۆی ناوەڕۆکە پڕ ستایش و شانازییەکەوە جیاکاری و هەڵاوێردی بۆ کردوە، چونکە ئەمەی بە سوودی کۆمەڵگاو پاراستنی ڕەوشت لە قەڵەمداوە.

بەشی دووەم

### ١.٢ ستایش لە بزووتنەوەی شیعری شاعیرانی باباندا

دەقی شیعری لە بزووتنەوەی شیعریی بابان لە هەموو ڕوویێکەوە سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە بە بارودۆخی ناوچەیی و ژینگەیی و کلتوریی خۆیەوە پەیوەستە. بۆیە دەشێت، لە چوارچێوەی ئەم پەروەردە کۆمەڵایەتییە تایبەتییەی کۆمەڵگای کوردی و جۆری کاریگەریی دەقی شیعری لەسەر کۆمەڵگاکە، خوێندنەوە بۆ شیعری کوردی بکرێت. پێوانەکردنی دەقی شیعریی قوتابخانەی کرمانجی خواروو، بەپێی بۆچونە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون و ئەو چەمکانەی لەبارەی دەقی شیعرییەوە پێشکەشیکردن، خاسیەت و مەفهومی زەمەنی و ناوچەیی وەردەگرێت. چونکە دەقی شیعری لە ئەدەبیاتی یۆنانی سەردەمی ئەفلاتوون و کرمانجی خوارووودا، هۆکار، پاڵنەر، دۆخی کۆمەڵایەتی، ئاینی و سیاسی جیاواز و لێکدووریان بۆ سەرهەڵدانی دەق و بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی هەیە. بۆیە دەشێت، خوێندنەوە و پێوانەکردنی شیعر لە کرمانجی خوارووودا، بەپێی چەمکە تیۆرییەکانی ئەفلاتوون و ئەو زەرفە تایبەتییەی، کە ئەم قوتابخانە شیعرییە هەیەتی، مەفهووم و خوێندنەوەیەکی ترمان پێببەخشێت. ڕاستە، چەمک و ئاراستە تیۆرییەکان لە ڕووی مێژوویییەوە ڕابووردن و جێگیربوون، بەڵام لێکەوتە و خوێندنەوەی ئەم ئاراستە و چەمکانە، گۆڕاو و ڕێژەیین، بەهۆی گۆڕانی دەق بە فاکتەری زەمەنی و ژینگەیی و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی، وەڵام و خوێندنەوە و ئەنجامی تر لەم چەمکانە دەبێتەوە. لەم ڕوانگەیەوە سروشتی شیعری کوردی لەم بزووتنەوە شیعرییەدا، بە پێی کلتوور و ژینگەی ناوچەیی، لایەنی ئەرێنی و نەرێنی تایبەت بە خۆی هەبووە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کلاسیکی کوردی و شیعری بزووتنەوەی شیعریی بابان لە پاڵ هەموو جۆرە مەبەستێکی تری شیعری بریتییە لە بوونی مەبەستی شیعری ستایش، کە خۆی لە ستایشی چەند بابەتێکدا دەبینێتەوە، وەک: (ستایشی دیاردە و

خورەوشتی چاکە و کاری باش و پەسەند لە کۆمەڵگادا، ستایشی ڕەمز و بابەتە ئاینییەکان و کەسایەتییە ئاینییەکان، ستایشی پاڵەوان و جەنگاوەر و سەرکردە و کەسایەتی و میرەکانی میرنشینی بابان).

بنەمای ڕەوشتی لای ئەفلاتوون، یەکێک لە بنەماکانی ڕەتکردنەوەی شیعرە. لەبارەی ستایشی خورەوشتی چاکە لە کۆمەڵگادا، ئامانجی قبووڵکردنی ئەم جۆرە شیعرانە لای ئەفلاتوون، لە پێناو چاکسازی کۆمەڵگا دایە. بۆیە هەر لە پێناو ئەو ئامانجە، ئەو دەقە شیعرانەش دەچنە ناو بازنەی هاندانی کاری چاکە و یاسا سەروەری، هەڵاوێردی بۆ کردوە. ئەم شیعرانەی ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتییان هەیە، پەند و ئامۆژگاری لەخۆدەگرن و باس لە کاری باش و ڕاست لە ناو خەڵکدا دەکەن، ڕەخنە لە دزێویی و کارە ناپەسەند و ناڕەواکانی خەڵک لە ناو کۆمەڵگادا دەگرن. چونکە ((دەرخستن و پیشاندانی واقیع لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی هونەری بەرز کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر وەرگر هەیە، چونکە لە پرۆسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا، وەرگر وەک هاوبەشێک لەم پرۆسەیە سەیردەکرێت))(سالح، ٢٠٠٩: ١٨٧). بێگومان بزووتنەوەی شیعری کلاسیک لە کرمانجی ناوەڕاستدا ئەو ڕۆڵەی گێراوە، کە خەڵک لە نەنگی و دیاردە ناشیرینەکانی ناو کۆمەڵ هۆشیاربکاتەوە و گوێگریان بۆ ڕێگا ڕاستەکە ڕێنمایکردوە. ئەمەش لە پێناو بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و چاکەخوازدا بووە.

لەبارەی ڕەمزی ئاینی، لەم بزووتنەوە شیعرییەدا، لەبەر ئەوەی شاعیرەکان زیاتر پەروەردەی مزگەوت بوون، بابەتە شەرعییەکانیان خوێندوە و دەرچووی ئەو ناوەندە بوونە، بۆیە شیعری ئاینی و ستایشی ئاین و ڕەمز و کەسایەتییە ئاینییەکان، بەشێکی سەرەکی لە مەبەستی شیعری ئەم بزووتنەوە شیعرییە پێکهێناوە. ئاین و پرەنسیپە ئاینییەکان، ئامانجییان چاکسازی ژیانی تاک و خزمەتکردنی کۆمەڵگایە، ئاینی ئیسلامیش بە هەمان ئەرکی کۆمەڵایەتی هەڵساوە. بۆیە شیعری ئاینی، بەم ناوەڕۆکەوە، ئەو ئەرکە ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە جێبەجێدەکات، کە ئەفلاتوون وەک قبووڵکردنێک ئاماژەی پێداوە. جگە لە هاندانی کاری چاکە، بەهۆی پرەنسیپە ئاینییەکانەوە. شیعری شاعیرانی بابان ئەم ناوەڕۆکانەشی لەخۆگرتوە "شانازیکردن بەم ئاینە، ستایشی کارو دەسەڵاتەکانی خودا، ستایشی پێغەمبەران بە تایبەتی

پێغەمبەری ئیسلام لەگەڵ یاوەرو زانایی ئەم ئاینە"، لایەنی ئەرێنی ئەم جۆرە شیعرانە ئەوەیە، کە هانی خەڵک دەدات بۆ ئەوەی بە شوێن هەنگاوی ئەوانەدا بڕۆن. دواجار ئەفلاتوون هەڵاوێردی بۆ کردن و ڕێگای بەم جۆرە شیعرانە داوە، کە ناوەڕۆکێکی ستایش ئامێزی بۆ خواوەندەکان و ڕەمز و کەسایەییتە ئاینییەکان لەخۆی گرتبێت. بەپێی ئاینی یۆنانی ئەوکات، یۆنانییەکان باوەڕیان بە فرە خوداوەندی هەبووە. بۆ هەر مەسەلە و بابەتێک خواوەندێک دیاریکراوە. دیارە، بە بڕوای یۆنانییەکان، ئەم خواوەندانە لەسەروی دەسەڵاتی مرۆڤەکانەوەن و بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ژیان و دیاردە گەردوونییەکانن. بە بڕوای ئەفلاتوون، ستایشی ئەم خواوەندانە، ئیمان و باوەڕی تاک پتەوتر دەکات، بەمەش چاکە لە ناو کۆمەڵگادا بڵاودەبێتەوە و کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەمدێت. لەسەر ئەو بنەمایەشە، ئەفلاتوون جەختی لە شیعری ستایشکردنی خواوەندەکان کردۆتەوە، کە ئەوانە نموونەی باڵان. ژینگەی ئاینی نەتەوەی کورد لەگەڵ ئەو سەردەمی یۆنانییەکان جیاوازی هەیە. کورد لەسەر پەیامەکانی ئاینی ئیسلام کۆمەڵگای خۆی بنیاتناوە، بەپێی تێگەیشتنی کلتوری ئەو کۆمەڵگایانە، لادان لەو بەرنامەیە، تێکچوون و خراپەکاری کۆمەڵگای بەدواوەیە. بۆیە لە شیعری کوردی، بەپێی خواستی کۆمەڵگا ستایشی خوا و پێغەمبەر "دروودی خوای لەسەر بێت" و بەرنامەکەی سوودیان بۆ تاکی کوردی هەیە و تاکی کورد بە پرەنسیپ و بنەما ئاینییەکانەوە پەیوەستدەکات. لەسەر چاکە هانیان دەدات و بە سیفەتی خواو پێغەمبەر، وەک دوو نموونەی باڵا پەروەردەیان دەکات، بەمەش کۆمەڵگایەکی چاک و تەندروست بەرهەمدێت.

لە خوێندنەوەی شیعری ستایش ئامێزی شاعیرانی باباندا بەپێی ئەو بنەمایەی، کە ئەفلاتوون ئاماژەی پێداوە، کە بریتییە لە پەسەندییەتی شیعری ستایش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم جۆرە شیعرە خواستی قۆناغەکەیە و وەک پێویستییەکی سەردەمەکە خۆی نواندوە و کاریگەری ئەرێنی بەسەر خوێنەر و خەڵکەوە هەبووە، هەمان ئەرکی هاندان و ئازایەتی و سوودی بینیوە. بە پێی سروشتی نەتەوەکە، چونکە شیعر خۆی لێکەوتەی کەسایەتی شاعیر و کلتوور و خاسیەتی کۆمەڵگایە، بۆیە کاریگەرییەکەشی هەر لەچوارچێوەی کلتوور، ئاین، بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە

دەرکەوتەی دەبێت. ئەفلاتوونیش بەپێی خواستی ژینگەی کۆمەڵگای ئەوسای یۆنان و ئاین و پێویستی سەربازی و سیاسی دەوڵەتەکەی خۆی خوێندنەوەی نێگەتیڤیانەی بۆ جۆرەکانی شیعر کردوە. لەبەرامبەریشدا جۆری شیعری داستان و ئەم جۆرە ستایشانە پەسندکردوە. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەی کورد، شیعری ستایشی کوردی ڕۆڵی خۆی هەبووە و سودی بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی گەیاندوە. هۆکارێک بووە بۆ هاندان و پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی لە کۆمەڵگادا. ئەم مەبەستەش لە شیعری هەر یەکە لە (نالی، سالم و کوردی) ڕووبەرێکی فراوانی هەیە. شاعیران بە چەند غەزەل و قەسیدەیەک گوزارشت لەم جۆرە بابەتە دەکەن. ئەم ناوەڕۆکانەش لە شیعری جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێت وەک "شیعری شانازی و ستایشکردن، شیعری بەرگری و نیشتیمانی، شیعری ئاینی و سۆفیگەری، شیعری ئامۆژگاری و کۆمەڵایەتی".

### ٢.٢. ستایشی میرەکانی میرنشینی بابان*

یەکێکە لەو میرنشینە کوردییانەی، کە بۆ ماوەیەکی زۆر، فەرمانڕەوایی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستانی کردوە. سنوری جوگرافیای ئەم میرنشینە، بەپێی سەردەم و دەسەلاتی میرەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە. هەندێک جار دەسەلاتی لە سلێمانی و کەرکوکەوە درێژبۆتەوە تا ناوچەکانی سنە، سۆران، هەموو ناوچەکانی هەڵەبجە، پێنجوێن، شارباژێڕ، پشدەر، چوارتا، بەرزنجە، چەمچەماڵ، کفری و دووزخورماتوی گرتۆتەوە، لەسەرەتادا دەسەلاتی میرنشینی بابان ناوچە و ڕووبەرێکی کەمی گرتبوەوە. شاری قەلاچۆلان پایتەختی ئەم میرنشینە بووە. بەلام بەرەبەرە دەسەلاتی ئەم میرنشینە فراوانتربووە، ناوچە و ڕووبەری تری خاکی کوردستانی کەوتۆتە ژێر باڵ، بەمەش ژیانی شارستانی و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەم میرنشینە، پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و ژمارەی دانیشتوانی

* لەم لێکۆڵینەویەدا ناچینە ناو وردەکاری ڕووداوە مێژووییەکانی تایبەت بە میرنشینی بابان لە ڕووی ساڵی دامەزراندن و ڕووخانی میرنشینەکە و بابەت و هۆکارە مێژووییەکان. هەروەها ڕیزبەندی میرەکانی میرنشینەکە و مەودا و ماوەی فەرمانڕەواییکردنیان، ئەمە بە لێکۆڵینەوەی مێژووییەوە پەیوەستە، لێرەدا تەنیا جەخت لەوە دەکرێت، کە ستایشکردنی میرنشینەکە و میرەکانی بابان و پاسەوان و سەربازەکان لە شیعری شاعیران ڕەنگی داوەتەوە و وەک بنەمایەکی تیۆری، کە ئەفلاتوون جەختی لەسەر کردۆتەوە، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت.

شارەکە ڕووی لە زیادی کردووە بازرگانەکان لە هەموو لایەک ڕوویانتێدەکرد. ئیتر ئەم شارە بەهۆی باری جوگرافیای، نەیدەتوانی، لە مەودوا پێویستییەکانی خەڵک ڕابپەڕێنێت. توانای نەبوو ببێتە پایتەختی ئەم میرنشینە، بۆیە بیر لە دروستکردنی شارێکی نوێ کرایەوە، کە ڕووبەرێکی فراوانی بۆ نیشتەجێ بوون هەبێت، بۆ ئەوەی ببێت بە پایتەختی نوێی میرنشینی بابان. بۆ ئەم مەبەستەش شاری سلێمانی هەڵبژێردا. لەبەر ئەوەی جوگرافیای شاری سلێمانی لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەم مەبەستە دەگونجا. ئەوەبوو ((ئیبراهیم پاشای بابان لە ساڵی (١٧٨٤)ز لە نزیک گوندی ملکەندی بینای شاری سلێمانی تەواوکرد، لە گوندی قەڵاچوڵانەوە پایتەختی میرنشینی گواستەوە بۆ شاری تازە، ئەم شارە یادگارێکی گەلێ بەنرخی بابانەکان بوو بۆ نەتەوەی کورد))(خەزنەدار، ب٣، ٢٠١٠: ١١). هەر لەسەرەتاوە، گرینگییەکی زۆر بە شێواز و چۆنیەتی دروستکردنی ئەم شارە درا، لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی لەڕووی "پیشەسازی، ئابووری، سیاسی، سەربازی، بازرگانی، زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەدەبی"یەوە، هەروەک دکتۆر عیزەدین مەستەفا ڕەسوڵ دەڵێت: ((ئەم پێشکەوتنە ئابوورییە و هەوڵە سیاسییە پێشکەوتنی زانیاری و ئەدەبیاتیشی لێکەوتەوە و چەشنە وریایی و هۆشیارییەک لە ناو دانیشتوانەکەدا دروست بوو))(ڕەسول، ٢٠٠٥: ٢٩). مێژووی میرنشینەکە ئەو ڕاستییە بەردەستدەخات، بە دروستکردنی شاری سلێمانی وەک پایتەختێک بۆ میرنشینەکە، یەکەم هەنگاو بوو، بۆئەوەی جۆرە قەبارەیەکی سیاسی بە میرنشینەکە ببەخشێت. ئەم سیمایەی لە ڕووی سیاسییەوە بە میرنشینەکە بەخشی، ئەمەش لە بیرو تێڕوانینی هەندێک لە پاشایانی بابانیدا هەستپێدەکرێت، بەتایبەتی لای (عبدالرحمن پاشای بابان و مەحموود پاشا)ی کوڕی. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە چارەکی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، بیری سەربەخۆیی میرنشینەکە نەک هەر لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پاشایانی بابانیدا بەدیدەکەین، بەڵکو کۆمەڵانی خەڵکی میرنشینەکەش ئەو چەشنە بیرو خواستەیان هەبووە، لەو سەردەمەدا هەر ئەو بیرە سیاسییە، بۆتە ئەوەی، کە دامودەزگاکانی فەرمانڕەواییش لە زۆر لایەنەوە بە سەربەخۆیی پێکبهێنرێت و ڕەفتاریشبکەن، بوونی ئەنجومەنێکی ڕاوێژکار لە سەردەمی "مەحموود

پاشا"دا و فەرمانبەرانی خەزێنە و ئەستێرەناسی و سوپایەکی ڕێکوپێک، کە بەمارشی سەربازییەوە دەهاتن و دەچوون، ئەو ڕاستییانە دەردەخەن. لەژێر سایەی ئەو بارودۆخە سیاسییەی بیستەکانی سەدەی نۆزدەدا، میرنشینەکە چەشنە ئارامییەکی بەخۆیەوە دیبوو. ئاستی ئابووری کۆمەڵایەتی خەڵک لە گەشەسەندندا بووە و دانیشتوان لەچاو ساڵانی پێشوو دواتردا، لە گوزەرانێکی خۆشدا بوون. لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیشەوە، ڕاستە، بابانەکان وەک بنەماڵە خۆیان بە خێڵەکی دادەنا و خۆیان لە توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکانی تر جیادەکردەوە، بەڵام ئەو ڕەفتارانەیان لەو ساڵانەدا نەبووبووە هۆی دروستکردنی کێشەی چینایەتی، بەو شێوەی لەکۆتایی مێژووی میرنشینەکەدا دروستبوو. بە واتایەکی تر چەشنە تەباییەکی چینایەتی لە ئارادابوو، ئەگەرچی ئەو تەباییە لە بازنەی بەرژەوەندیی بنەماڵەکە و چەوساندنەوەی جوتیارانیشدا سوڕابێتەوە. (تۆفیق، ٢١٣: ٢٢ـ ٢٤). ئیتر بەهۆی جوڵە و کاری میرەکانی بابان لە دەوڵەتدارییدا، بەرەوپێشچوونی میرنشینەکە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە، خەڵک کەوتە ستایش و دەستخۆشی لە سەرکردە و میرەکانی ئەم میرنشینە. ئەم دەستخۆشی و ستایشەش لە ناو دەقی شیعری ئەم بزووتنەوە شیعرییە ڕەنگی دایەوە. هەر لەم قۆناغ و سەردەمەدا، ئەم بزووتنەوە شیعرییە هاتەکایەوە.

لەسەرەتادا (نالی و سالم و کوردی) لە دەقە شیعرییەکانیاندا نوێنەرایەتی ئەم میرنشنەیان کردوە. لە ڕێگای چەند شیعرێکەوە ستایشی کەسایەتی و جەنگاوەر و میرەکانیان کردوە. بە بڕوای ئەفلاتوون، ئەم جۆرە شیعرانە دەبنە هۆکارێک بۆ هاندانی پاڵەوانەکان و کاریگەری ئەرێنی لەسەر خوێنەر و پاڵەوانەکان دروستدەکات، بەوەی گەشە بە هەستی شانازیکردنی تاک دەدات، نەک ورووژاندنی ترسان و دڵەڕاوکێ. لای ئەفلاتوون گرنگیدان بە مەبەست و ناوەڕۆکی ستایشکردنی پاڵەوان و جەنگاوەرەکان، لە پێناو کۆمەڵگە و پاراستنی دەوڵەتدایە.

٣.٢. ستایشی میر و کەسایەتی و جەنگاوەرانی میرنشینی بابان لە شیعری شاعیرانی باباندا

**١. نالی**

لە بزووتنەوەی شیعری کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاستدا، ئەو جۆرە شیعرانەی پەیوەستن بە ستایشکردنی پاڵەوان و جەنگاوەرەکان، کە ڕەمزە نەتەوەیی و کەسایەتییە نیشتیمانییەکانن، خۆیان لە زۆر جۆرە مەبەستی شیعری تردا بەرجەستەدەکەن، وەک شیعری (شانازی، ستایش، نیشتیمانی، بەرگری، قارەمانی و سیاسی). ئەگەر لە ناو ئەم بزووتنەوە شیعرییەدا، شیعری داستان بە ڕێژەیەکی کەم بێت، ئەوا ئەم ناوەڕۆکە لە فۆرم و قاڵبی تری شیعریدا گوزارشت لە خۆی دەکات.

ژینگەی سیاسیی نەتەوەی کورد و بارودۆخی ناوچەکە، شۆڕش و ڕاپەڕینی جیاجیای بەرهەمهێناوە. پاڵەوان و کارەکتەری شۆڕشگێڕ و سیاسی دروستکردوە، ئەمەش لێکەوتەی تری فکری و ئەدەبی و هونەری و ئابوری بەدوای خۆیدا هێناوە. بۆیە بەشێک لە ناوەڕۆکی دەق لەو چوارچێوەیەدا دەسوڕێتەوە، مێژووی ئەدەبی کوردی ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە بارودۆخی سیاسی کوردستان بەدرێژایی مێژوو وایکردوە، یەکێک لە مەبەستەکانی شیعر ستایشی جەنگاوەرو شۆڕشگێڕەکان بێت، بە هۆی ڕۆڵی جوامێرییان لەو مەیدانە. دواتر کۆی ئەو دەقانەش دەچنە ناو بازنەی دەقی نەتەوەیی و نیشتیمانی و بەرگریکردن لە بەهاکانی تاک و کۆمەڵ. وەک پێشتر باسمانکرد، ئەو نموونە شیعرییانە لەم بزووتنەوە شیعرییەدا، دەرکەوتەی جیاوازی هەیە، بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییەکانی سەردەمی شاعیرەکان.

نالی کە خۆی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی میرەکانی باباندا بووە. لە سەردەمی ئەودا چەندین میر لەو میرنشینەدا دەرکەوتن، کە وەک پاڵەوان و جەنگاوەرێکی بەتوانا ڕۆڵیان هەبووە، بۆ بەرگریکردن لەو دەسەڵاتە خۆماڵییە، هەروەها بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی تێکۆشاون. ئیتر ئەم میر و کەسایەتییانە، ئەوکات قیادەی کۆمەڵگایان لەڕووی سیاسی، سەربازی، ئابووری، کارگێری و بوارەکانی تریش کردوە. بۆیە کەم تا زۆر لە ناو دەقی شیعریدا، کار و توانا و زانایی و ئازایەتی و قارەمانەتییان بەرجەستەکراوە، بوون بە ڕەمزی شانازی پێوەکردن، ستایشی خۆیان و سەربازەکانیانکراوە.

بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم دەقە شیعرەی نالی بکەین، کە دەڵێت:

**تا فەلەک دەورەی نەدا سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو**

**کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو**

**تا نەگریا ئاسمان و، تەم وڵاتی دا نەگرت،**

**گوڵ چەمەن ئارا نەبوو، هەم لێوی غونچە وا نەبوو**

**تا چەمەن پیرا لە سەر، ئەسڵی درەختی لا نەدا،**

**فەرعی تازە، خورڕەم و بەرز و بوڵەند باڵا نەبوو**

**تا سولەیمانان نەبوونە سەدری تەختی ئاخیرەت،**

**ئەحمەدی موختاری ئێمە شاهی تەخت ئارا نەبوو**

**قیسسە بێ پەردە و کینایەت خۆشە، شاهی من کە وا**

**عادیلێ بوو قەت عەدیلی ئەو لە دنیادا نەبوو،**

**بۆ نیشنگەی مورغی ڕۆحی ئەو کە عالی فیترەتە**

**جێگەیی خۆشتر لە ڕەوزەی "جنة المأوى" نەبوو**

**وەک قیاسێکی کە موسبەت بێ، نەتیجەی بێتە جێ**

**حەمدو لیللا شەهـ کە عالی جا بوو، خالی جا نەبوو**

**شاهی جەم جا " نالیا " (تاريخ جم) تەئریخیە**

**دا نەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەم جا نەبوو** **(نالی، دیوان، ل٣٧٠ ـ ٣٧٤)**

لەم غەزەلەدا، "نالی" لە ڕێگای باسکردن لە مەرگی "سلیمان پاشا"ی بابان و دەربڕینی شادی بۆ جێگرتنەوەی لەلایەن "ئەحمەد پاشا"ی بابان، ناوەڕۆکێکی ستایش ئامێز بۆ ئەم دوو کەسایەتییە پێشکەشدەکات، لەبەرئەوەی ((ئەمانە ڕەمزی سەربەخۆیی کوردستانی باشوور بوون، لەو ڕۆژگارەدا دروشمی فەرمانڕەوایی ئەو ناوچە ڕەنگینە بوون لە سلێمانی و شارەزوور. ئەگەر "سلێمان پاشا" و "ئەحمەد پاشا" لە گەورەیی و شکۆییدا لە پلەی پاشای نەتەوەکانی تریش نەبووبن، ئەوا نالی ئەوانی

هێناوەتە پلەی ئەوانەوە))(خەزنەدا، ب٣، :١٢٥ ـ ١٢٦). نالی وەک دوو ڕەمزی گەورەی نەتەوەیی، ستایشی هەر یەکە لەو دوو پادشایە دەکات. کە ئەرکی بەڕێوەبردن، دادپەروەری و دەسەڵاتداریی کۆمەڵگاکەیان لەسەرشانە و لە ئاستی ئەم ئەرکەشیاندا بوون. لەم شیعرەدا نالی هەستی شانازی و خۆشەویستی بۆ ستایشکردن و وەسفکردنی هەریەکە لە "سلیمان پاشا" و "ئەحمەد پاشای بابان" تێکەڵدەکات. ئەم ستایش و وەسفە بە چەند وێنەیەکی شیعری و لێکچواندنێکی نموونەیی و هونەری ستاتیکی دەردەبڕێت، خوێنەر لە ناو دەقەکەدا هەست بە خۆشەویستی، گەورەیی، ئازایەتی، دادگەری و لێهاتوویی ئەم میرانە دەکات، کە ئەم ستایشکردنە هەستی هاندان و شانازی بۆ میری تازە و دەورووبەرەکەی دروستدەکات.

نالی لە شیعرێکی تردا زۆر بە جوانی و بە قووڵی وەسف و ستایشی جەنگاوەر و پاسەوانەکانی پاشا دەکات، کە خۆی لە دەقی شیعری (تاقمە مومتازەکە نالی) دەبینێتەوە. هەروەک "ئەمین فەیزی" لە کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد) دەڵێت: ((کە ئەو تاقمە مومتازە عەسکەری حکومەتی بابانە، کە لەزەمانی ئەحمەد پاشادا تەنزیم و تەنسیق کراون))(فەیزی بەگ، ١٩٢٠ :٤٥)، لەم شیعرەدا نالی بە هەستێکی زۆر پڕشانازی پێکردنەوە، بەم تاقمە پاسەوان و سەربازەی "ئەحمەد پاشا"، وەسفی لێهاتووییان دەکات و ستایشی کارەکەیان دەکات، دەڵێت:

**ئەم تاقمە مومتازەکە وا خاسسەیی شاهن**

**ئاشووبی دڵی مەملەکەت و قەلبی سوپاهن**

**سەف سەف کە دەوەستن بە نەزەر خەتتی شوعاعن**

**حەڵقە کە دەبەستن وەکوو خەرمانەیی ماهن**

**نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن**

**موو سونبول و، ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن**

**تا دەگاتە دوێری شیعرەکە:.**

**"نالی" بە خودا حەیفە دەڕەنجێنی دڵی خۆت**

**ئەم تاقمە مەخسوسە هەموو ساحیبی جاهن (نالی، دیوان، ل٣٤٠ ـ ٣٤٥)**

نالی لەم شیعرەدا زۆر بە وردی وەسف و ستایشی سەربازەکان دەکات و زۆر بەڕێزەوە سەیریان دەکات. سەرسوڕمانی خۆی لە ئاستی بەهێز و ئازایەتی و لێهاتووییان دەردەبڕێت. هەروەک مارف خەزنەدار دەڵێت: ((ئەم کۆمەڵە سەربازەی پاسەوانی تایبەتی پاشان، گەورەترین و لەڕووترین بەشەکانی سوپای میرنشین بوون، هەر مەترسییەک لە ئاسایشی دەوڵەت بووایە ئەمانە دەبوونە لابردنی ئاشووب و تەنگوچەڵەمەی ناو کۆمەڵ. ئەم تیپە سوپاییە جلوبەرگی تایبەتی خۆیانیان بووە))(خەزنەدار، ب٣ :١٤٣). نالی لەم شیعرەدا بەجۆرێک ئەم سەربازانە وێنادەکات، کە خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر ڕێک و جوان و بەهێز و کاریگەرن، سەرنجی هەموو لایەک بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، شانازییان پێوە دەکات و بە چەندین شێوە ستایشیان دەکات. بەهەمان شێوە لە قەسیدەی (قوربانی تۆزی ڕێگاتم ئەی بادەی خۆش مروور)ی نالیدا، چەندین وێنە، وەسف، هەستی شانازی و ستایش لەم جۆرە دەبینین، کە خۆیان لەم بابەت و چوارچێوەیەدا دەبیننەوە.

ئەم شیعرانەی نالی، کە لەسەرەوە ئاماژەمانپێکرد، خاسیەتی بنەمای تیۆری پەسەندییەتی ئەفلاتوون بۆ شیعری ستایش وەردەگرن. ئەم دەقە شیعرانە بە تەواوەتی ئەم ناوەڕۆکە بەرجەستەدەکەن، کە ئەفلاتوون پەسەندییەتی پێداوە. بەهۆی ئەوەی، نالی لە ڕێگای ئەم شیعرانەوە هەستی شانازی و هاندان لە لای خودی پادشا و سەربازەکان لە لایەک و خوێنەر و گوێگر لە لایەکی ترەوە دەورووژێنێت. ئەم وروژاندنەی تاک بە ئاراستەی ئەرێنی و بەرگریکردن لە یاسا و باشبوونی کۆمەڵگا دەبات. زیاتر حەز و مەیلی بەرگرکردن و هاندان و ئازایەتییان لە لا دروستدەکات، کە ئەمەش دەوڵەت و پاراستنی دەوڵەتی پێوە بەندە، ئەمەش بە ئامانجی سەرەکی ئەفلاتوون و بۆچوونی ئەفلاتوون لە بنیاتنانی کۆمارەکەی دادەنرێت.

**٢. سالم**

بارودۆخی سیاسی و سەربازی میرنشینی بابان دووچاری زۆر ڕووداو و جەنگ بۆتەوە، کە (سالم)ی شاعیر زیاتر لە شاعیرانی تری وەک (نالی و کوردی) خۆی لە ناو ئەم گۆڕان و بارودۆخە جەنگییەدا بووە. هەر بۆیە لە ڕووی ڕێژەوە شیعری جەنگی و ستایشی سەرکردە و پاڵەوانەکان لای "سالم" ڕەنگدانەوەی زیاتری هەیە. شیعری ستایشی جەنگاوەر و قارەمانەکان هاوشانی پێویستییەکانی تر جەنگ دەبێت بە زەروورییەتێکی جەنگی قۆناغەکە، بۆیە شیعری "سالم" زیاتر دەچێتە قوڵایی ستایشکردنی جەنگاوەر و قارەمانەکانی ئەم میرنشینەوە، ئەمەش بۆ بوونی جەنگ و شەڕ لە ڕۆژگاری شاعیر دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە "سالم" لە چەندین دەقی شیعریدا، ئەم ناوەڕۆکە شیعرییەی بەرجەستەکردوە، وەک لەو قەسیدەیەی، کە باسی شەڕی "عەزیزبەگی بابان" دەکات لەگەڵ "ئیسماعیل پاشا"ی ڕۆمی. بەم دێرە دەستپێدەکات، دەڵێت:

**لێم گەڕێن با گۆشەگیر بم، دەستەوئەژنۆ، کەفزەنان**

**گێژەڵووکەی بای نەدامەت تاری کرد سەفحەی جیهان**

**شارەزوور بەحر و سولەیمانی لەسەر ئاو، گەمیەڕەنگ**

**بۆ شکستی وەک نەهەنگ بوو فیتنەیی ئاخرزەمان (سالم، دیوان، ل٥٢٤ ـ ٥٤٩)**

بەم جۆرە بەردەوام دەبێت تا دەگاتە ستایشی ئازایەتی جەنگاوەرانی بابانەکان، لەم قەسیدەیەدا، سالم هەموو بابەتەکانی (دلێری، قارەمانیەتی، بەرگری، هێرشکردن، خیانەت، تێکشکان و لاواندنەوە،... تاد)، وروووژاندوە. لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا، هەستاوە بە ستایشکردنی میر و سەربازانی میرنشینی بابان، وەک جەنگاوەر و پاڵەوانی مەیدان باسیکردوون، (گیانی نیشتمان پەروەری لە لای سالم، بۆتە هۆی ئەوەی تەنیا ئازایی لە جەنگاوەرانی کوردی پارێزەرانی سلێمانی ببینێ، هەمیشە ئەوانە وەک ڕۆستەم بکەونە بەرچاوی و کەچی جەندرمەی ڕۆمی (تورکی عوسمانی) لای شاعیر دەبن بە ڕەمزی ترسنۆکی)(خەزنەدار، ب٣ :١٩٦-١٩٧). هەروەک لەم چەند دێڕەدا وێنەی کردوە و دەڵێت:

**کەس نەڵێ ڕۆمی لە تەسخیری مەمالیک چابوکن**

**سستیی بەختی عەشیرەت بوو بە چالاکی ئەوان**

**وەر نە ڕۆستەم وەک ئەمان کەی دێتە دەست بۆ چابوکی؟**

**وا بە جورئەت، وا بە غیرەت، وا یەل و ساحیب سینان**

**وەختی حەملەی ڕۆژی مەیدان موددەعی وا پێ دەکەن:**

**دێتە لەغزش پێ و ڕیکاب و سست دەبێ دەستی عینان**

**شێری بێشەی مولکی بابان مەردی مەیدان زاهیرە**

**گەر کەسێ بێنێتە خاتر دەستوبردی گەرمییان**

**مەرگی تورکانی جەفاجۆ سەد قەدەم پێش گوللە کەوت**

**تا دەگاتە دێرەکانی کۆتایی:.**

**ڕەنگی سەحرای مەحشەری بوو شیوەکەی لای پیرمەسوور**

**گرمەگرمی تۆپی ڕۆمی، هەوهەوی سوارەی بەبان**

**بەختی سووتێ سا لە ڕێی حەق، حەق حەقی لێ وەرگری**

**بەد نەمەکگیری نەمەک بێ، وەک ئەوانی دا بەمان (سالم، دیوان، ل٥٢٤ ـ ٥٤٩)**

ئەم قەسیدەیە، کە خۆی لە سەد و یەک دێرە شیعر دەبینێتەوە، پڕە لەم ناوەڕۆکانەی باس لە داستان و جەنگ و دلێری میر و جەنگاوەرەکان دەکات. بە جۆرێک کە خۆنەویستانە و زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی هێرشی داگیرکەری بوونەتەوە، بە چەندین شێوە ئازایەتییان وێنەدەکات و وەک ڕەمزێکی ئەفسانەی لە ئازایەتییدا باسیاندەکات. بەجۆرێک هەستی ئازایەتی و هاندان و بەرگریکردن لە نەتەوە و وڵات لای خوێنەر دەورووژێنێت. بەهەموو جۆرێک ستایش و وەسفی جوامێری جەنگاوەرەکانی میرنشینەکە دەکات و بە تەواوەتی هەستی شانازیکردن وێنەدەکات. دیارە، ئەم جۆرە شیعرانە، کاریگەری ئەرێنیان بەسەر هەستی تاکەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، وا لە خەڵک دەکەن، وڵات و کۆمەڵگاکەیان خۆشبوێت

و ئامادەییان بۆ بەرگریکردن لە دەروون زیاددەکات، ئەوا لای ئەفلاتوون ناسنامەی پەسەندییەتی وەردەگرن.

جگە لەمە سالم چەندین دەقی تر بەمەبەستی ستایش و دەبڕینی خۆشەویستی بۆ سوپای میرنشینی بابان نووسیوە و شانازی بە ئازایەتییانەوە کردوە، بە تایبەتی "عەزیز بەگی بابان". چەندین دەقی بەرگری و هێرشکردنیش لە دژی هێزی داگیرکەر دەنووسێت، شاعیر "عەزیز بەگی بابان" وەک پاڵەوانێکی ئەو سەردەمە، پارێزەری وڵات و ئەفسانەی ئازایەتی لەقەڵەمدەدات، هەروەک دەبینین، لە قەسیدەی "در وصف عزیز بگ بابان"دا، دەڵێت:

**دەکا دونیایی پڕ شۆڕش بەدایم فیتنەها پەیدا**

**بە نەیرەنگ و فسوونی ئەو لەهەر سوویێ وەغا پەیدا**

**عەجەب ماخۆلیایێ بۆ دڵی دونیا موسەللەت بوو**

**لە سەودای موقتەزای تەبعی، بە موختەس، ماجەرا پەیدا**

**تەماشای جەوری کەن دونیا چ زوڵمێکی لە خوسرەو کرد**

**نە بۆ تاجی نیشانێ ما، نە بۆ تەختی نیا پەیدا**

**بە میسلی خوویی دڵبەرمە دڵی دونیا لەگەڵ مەردوم**

**بە دوشمن نیعمەت و لوتف و جەفای بۆ ئاشنا پەیدا**

**.......................**

**وەلێ تالیع نەبوو پۆشیدەیە جەوهەر لەڕووی دونیا**

**بە مەردانی دلاوەر حاسڵی کۆشش جەفا پەیدا**

**عەزیزە وا لەناو چاهە خوداوەندا نەجاتی دە**

**لە چیهرەی ئەو بکا یەعقووب دڵی شێوەی سەفا پەیدا**

**خودایە موڵکی بابان بێ ڕەواج و قەڵبە سا لوتفێ**

**بە ئیکسیری وجوودی ئەو بکا وەک موو بەها پەیدا (سالم، دیوان، ل٦٣ ـ ٧٣)**

شاعیر لێرەدا، بە ئەرکی بەرگریکردن و هێرشبردن بۆ سەر دوژمن هەڵدەستێت، باس لە ئازایەتی و دلێری "عەزیز بەگ"ی بابان دەکات و قارەمانیەتی بەرامبەر دوژمنەکانی دەخاتەڕوو، ((سالم لە شیعرەکانی، کە دەربارەی قارەمانی و سوارچاکی عەزیز بەگی بابان نووسییەتی وا دەردەکەوێ، کە زۆر ئاشنایی لەگەڵ عەزیز بەگی بابان هەبووە و دۆستێکی تایبەتی "عەزیز بەگ" بووە و مەفتوونی ئازایەتی و سوارچاکی بووە بە شیعری پڕ سۆز و بەتین باسی کردووە))(سعید، ١٩٩١: ٨٣). شاعیر لە ژێر حەزی هێرشکردن و سەرکەوتن بەسەر دوژمندا وێنەی (عەزیز بەگ)ی بابان، وەک پاڵەوانێک دەکێشێت، بە ئەندازەیەک ئەگەر سوپای دوژمن، کە مەبەست تورکی عوسمانییە، هەر چەند بەهێز و بەتوانابێت، ئەوا لە بەرامبەر دلێری و پاڵەوانی "عەزیز بەگ"دا، ترسنۆک و بێهێز دەردەکەون. لەم قەسیدەیەدا، شاعیر لە ژێر پاڵنەری هێرشکردن بۆ سەر دوژمن، ستایش و وەسف و نمایشکردنی هێز و توانا جەنگییەکانی میر و جەنگاوەرانی کورد دەکات، کاتێک ڕووبەڕووی تورکی عوسمانی بوونەتەوە. جەنگاوەری کورد لە بەرزترین وێنەی بەرخودان و دلێری دەخاتەڕوو، لە بەرامبەریشدا هێرش دەکاتە سەر جەنگاوەرانی دوژمن و بە ترسنۆک و بێتوانا لەقەڵەمیان دەدات. ژینگەی جەنگ و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەردەمی شاعیر، بە تایبەتی دوای هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر شاری سلێمانی و ڕوخانی میرنشینی بابان، ئەوا دەقی ستایشی قارەمانەکانی لای "سالم" بەرهەمهێنا، بەواتایەکی تر ((هەموو ژیانی جەنگاوەریی عەزیز بەگ و ئەو شەڕانەی فەرمانبەری دەکردن، بوون بەسەرچاوەیەک بۆ ئەو شیعرە ستایشانەی سالم، کە بۆ "عەزیز بەگی بابان"ی هۆنیوەتەوە بە تایبەتی ئەم قەسیدەیە))(خەزنەدار، ب٣: ٢٠٣).

لەم دەقانەدا شاعیر وێنەی پاڵەوان و جەنگاوەر و ڕەمزە مەیدانییەکانمان بۆ دەکێشێت، لە ڕێگای ستایش و باسکردنی توانا و ئازایەتی و لێهاتوویی "عەزیز بەگی بابان" و جەنگاوەرانی، بەم شێوەیە ئەم کەسایەتییانە دەخاتەڕوو، کە لە ناوەڕۆکی قەسیدەکەدا ئاماژەی پێداوە. ئیتر لە بزووتنەوەی شیعری

کرمانجی ناوەڕاستدا، لەو سەردەمە، میرەکانی بابان چەقی ئەم ناوەڕۆکە شیعرییەیان پێکهێناوە، وەک پاڵەوانی ئەو جوگرافیا و سەردەمە وێناکراون، ستایشکردنی دەبێتە هۆکارێک بۆ سوودگەیاندن بە بنیاتەکانی کۆمەڵگا، لە ڕێگای ئەم کاریگەرییە ئەرێنییەی بەسەر هەستی بەرگری خوێنەردا هەیەتی، وێناکردن و ستایشی ئەو پاڵەوانە، نموونەییە. هاندانی مرۆڤ بۆ بەرگریکردن لە دەوڵەت گەشەپێدەدات، بۆیە ستایشکردنی لە دەقی شیعری ئەو قۆناغەدا، ڕووبەرێکی فراوانی گرتۆتەوە.

### ٣. کوردی

مستەفا بەگی کوردی پەیوەندییەکی توندوتۆڵی پڕ لە خۆشەویستی لەگەڵ میرەکانی بابان هەبووە. وەک شاعیرێکی کورد لە خەمی میرنشینەکەدا بووە. بۆیە زۆرترین ئەو شیعرانەی، کە بۆ میرەکان و کەسایەتیی میرنشینەکە نووسیوویەتی زیاتر بریتی بووە لە دەربڕینی ڕێز و پەیوەندی خۆشەویسی. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە سروشت و شێوازی شیعری کوردییەوە هەیە،  ((پەیوەندیی کوردی لەگەڵ میر و گەورە پیاوانی میرنشینی بابان زۆر خۆشبووە، وەک "محموود پاشای عەبدوڕەحمان پاشای بابان و ئەحمەد پاشای بابان، کە دوا پاشای بابان بوو، عوسمان پاشای بابان، عزیز بەگی بابان، کەیخوسرەو بەگی سەرۆک کۆماری جاف، مەحموود ئاغای شێوەکەڵ،...هیتر"))(حەمەبۆر، ب١، ٢٠١٠: ٢٦-٢٧)، بۆ هەموو ئەوانە شیعری نووسیووە و گوزارشتی لە ڕێز و خۆشەویستی و پەیوەندی خۆی کردوە، وەک میر و کەسایەتیی بەرپرسیار و جەنگاوەر  ستایشی کردوون و شانازی پێوەکردوە. هەروەک لەم شیعرەدا دەبینین، کوردی میر و میرنشینەکانی بابان بە شێر و دلێر و قارەمان لە قەڵەمداوە، هەروەک دەڵێت:

**لە جێگەی (شیرکرۆژان) و، دلێرانی (بەبە)ی دوێنێ**

**(شوغال) سەرداره ، ئەمما گورگ گورگ بە دوو گوێیدا ئەلوورێنێ**

**لە شایی (دایکی عەبلان)دایە، بێ (مارە)یە (بووک) ئەییەن**

**لە بۆ (سوڵتان) (عەبلان) پێ خەسوو، بووکی ئەڕازێنێ**

**تا دەگاتە**

**مەڵێن هیجری لە زێدا، (کوردی)یە، بیلا لە حەشریشا**

**بە کوردی (کوردی )، دەعواچی حەقی کوردە و هەر ئەیسێنێ (کوردی، دیوان، ب٢، ل٢٥١)**

لەم غەزەلەدا، مستەفا بەگی کوردی سەرزەنشتی سوپای داگیرکەر و شوێنکەوتوانی دەکات و ناشیرینترین وێنە دەداتەپاڵیان. لەبەرامبەر ئەم وێنە ناشیرینانەی، کە بۆ داگیرکەر هێناویەتییەوە، ستایش میرنشینی بابان دەکات و وەسفی قارەمانی و دلێرانی ئەم میرنشینە دەکات.

کوردی لەگەڵ "عەزیز بەگی باباندا"، دۆستایەتی هەبوو و هاوبەشی شۆڕشەکەی کردوە، دوای ڕووخانی میرنشینی بابان، دوای ڕووخانی بابانەکان "عەزیز بەگ" و "محموود بەگی"ی باوکی کوردی شۆڕشێکییان دژی عوسمانی بەرپاکرد، لە ئاکامدا "محموود بەگ" کوژرا، ئیتر کوردی ناوبردنی "عەزیز بەگ"یشی لێ قەدەغە دەکرێت، بۆیە لە تاو گیانی خۆی بۆ سنە هەڵدێت. (حەمەبوور، ب١: ٢٧ و ٢٦٧ - ٢٦٨). هەروەک لەم شیعرەی خوارەوەدا، کە بۆ "عەزیز بەگی بابان" نووسیوویەتی، باس لە خۆشەویستی و دلێری "عەزیز بەگ" و ستەمی ئەو پادشایە بەدکارە دەکات و دەڵێت:

**تا کەی بکێشم ئەی صەنەما ئاهی دەردناک**

**وەختە تەنم بە هیجر و فیراقت ببێ بە خاک**

**نەشئەی فیراقی تۆیە کورەی سوخمەی قرمزی**

**والی بەبارم و، ڕەنگ زەرد و سینە چاک**

**چاوم ئەگەرچی مەنزەرە بۆ کوللی تەلعەتێ**

**( والّله ما نظرت بقلب الا سواک )**

**دەستم لە تۆ نەشُشت و، نەڕۆیوم هەتا وەکو**

**خۆشم گیانە قەتڵی سەروو مەرکەزی هیلاک**

**مەجنوون ئەگەر لە جوانی لەییلا بوو ناوی کرد**

**من شێتی تاکی لاوی جوانیم و لاوی مەردی پاک**

**(غوربەت) (عەزیز)م هەر ئەوەندەی چاکە، بێ ڕەقیب**

**ناوت دەبەم، هەمەدەم، بێ باک و (خۆفناک)**

**لێرەش دڵم لە (میصرە)، لە دەرگەی (عەزیز)یە**

**یادت لە بۆ عیلاجی سەوادی فیراقت چاک**

**عومرم ئەوەندە کافییە ساتێ بە بێ ڕەقیب**

**( انظرُ الی جمالکَ روحي يَکن فِداک عەرەبی )**

**شەرحی فیراقی (کوردی) بە کەس ناڵێم ئێستەکە**

**( أروي جَــــــــــمعَ حــــــــــــــــــــــاَلتي حينَ يَراک ) (کوردی، دیوان، ب١، ل٢٦٤)**

هەروەک دەبینین، کە شاعیر لەم شیعرەدا زۆر بە جوانی ستایش و وەسفی (عزیز بەگی بابان)ی کردوە، دیارە، ئەم شیعرەی لە کاتی ئاوارەیی داناوە. لێرەدا شاعیر (عەزیز بەگی) بە عەزیزی میسر چواندوە، مەبەست لێی پێغەمبەر (یوسف)ە، کە خەزێنەداری وڵاتی میسر بوە. شاری سلێمانیشی بە وڵاتی میسر چوواندوە. دیارە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا ستایش کردنێکی بێوێنەی "عەزیز بەگ"ی بابانە، یەکێک لە سەرکردەکانی میرنشینی بابان بووە.

لێرەدا، ئەمە دەردەکەوێت، ئەم جۆرە شیعرانە، کاریگەری زۆری بەسەر هەستی نەتەوەیی خەڵکەکەوە هەبووە و کاردانەوەی ئەرێنی لێکەوتۆتەوە، توانیویەتی هەستی سۆز و خۆشەویستی خەڵکەکە بۆ میرنشینی بابان و میرەکان بوروژێنێت، بە ئاراستەی هاندان و ئازایەتییان ببات. بۆیە ئەم

جۆرە شیعرانە لە "کوردی" قەدەغە دەکرێن و ستایشکردن و ناوهێنانی میرەکان، "مستەفا بەگی کوردی"یی دووچاری گرفتکردۆتەوە، هەربۆیە شاری سلێمانی بەرەو شاری "سنە" بەجێدەهێڵێت.

لە خوێندنەوەی نموونە شیعرییەکان و هەموو ئەو جۆرە شیعرانەی لە سەرەوەدا باسکران، لەبارەی وەسف و خۆشەویستی و ستایشی میرەکان و میرنشینی بابان، ئەو کاریگەرییە ئەرێنییە دەبینین، کە ئەفلاتوون باسی لێوەکردوە. بەوەی ئەم شیعرانەی وەسف و ستایشی پاڵەوان و جەنگاوەرەکان دەکەن، کاریگەری باشیان لەسەر هاندان و وروژاندنی هەستی ئازایەتی و بەرگریکردنی خەڵکەکە هەیە. بۆیە وەک بنەمایەکی پەسەند لەم ناوەڕۆکە شیعرییە دەڕوانێت.

لێرەدا میرەکانی بابان و پاسەوان و سەربازەکانیان وەک پاڵەوان و جەنگاوەری نموونەیی باسیانلێکراوە. لە دیدی شاعیرەکاندا بەهۆی بوونی کۆمەڵێک خاسیەتی سیاسی، سەربازی، ئاینی، نەتەوەیی، زانایی، ئازایەتی و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی شایەنی ئەو ستایشکردنەن. چونکە ئەم سیفەت و خاسیەتانە پاڵەوان بەرهەم دێنێت. لەبەرئەوە لێرەدا پاڵەوان بەو مانایە دێت، کە هەڵگری سیفاتی نموونەیی و کاری چاکەیە بۆ کۆمەڵگا. بۆیە ستایشکردنی ئەو پاڵەوانە دیسانەوە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بریتی دەبێت لە باسکردن لەو کار و سیفەتە نموونەییانەی، کە کۆمەڵگایەکی نموونەیی بەرهەم دێنێت. ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئەفلاتوون بووە لە کۆمارەکەیدا.

لە لایەکی تریشەوە، دەتوانین بڵێین: لە کاتی جەنگ و شەڕدا ئەم وێنە شیعریانە، گرنگی زۆری پێدەدرێت، چونکە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی پاڵنەری بەرەنگاری و هەستی بەرگریکردن و هێرشکردن زیاتر دەکات. ئەمە لە سایکۆلۆژیای سەربازیدا کاریگەرییەکی زۆری بەسەر جەنگاوەرانەوە هەیە. ئەم وێنە جەنگی و قارەمانیەتییەی، کە شاعیر دەیکێشێت، بەرجەستەکردنی ئەو جۆرە ستایشکردنەیە، کە هەستی شانازی و هۆگربوون بۆ خوێنەر زیاتر دەکات. هەروەها تین و هەستی بەرگریکردن و هاندانی زیاتریش بە جەنگاوەر دەبەخشێت. ئەمەش دواتر لە پێناو ئامانجی پاراستن و بەرگریکردن لە دەوڵەت و کۆمەڵگادا دەبێت.

بەم شێوەیە، ئەفلاتوون لە پێناو دروستکردنی شار و کۆمەڵگەیەکی نموونەیی، بڕیار لەسەر بەهای دیاردە و بوونەکانی ژیان دەدات. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایانەی باسمانکرد، ڕێگای بەم جۆرە ستایشکردنەی لە دەقی شیعری داوە. لەبەرئەوە، ئەم جۆرە شیعرانە بە ئاراستەی سوودبەخشین دەشکێتەوە، بەوەی کە هەم چاکە و بیری چاکەکردن لە ناو کۆمەڵگا بڵاودەکاتەوە، هەم هەستی بەرگری و ئازایەتی بە تاک دەبەخشێت. بەمەش پارێزگاری لە کۆمەڵگا دەکرێت.

ئەنجامەکان

١. یەکێک لە مەبەستە شیعرییەکان لە بزووتنەوەی شیعریی کرمانجی ناوەڕاستدا، بریتییە لە ستایشکردن، بەپێی خاسیەتی ناوچەیی، ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئاینی و سیاسی ناوچەکە، کە تیایدا جۆرەکانی ستایشکردن تێبینیدەکرێت، وەک ستایشی (کاری چاکە، ڕەمزە ئاینییەکان، کەسایەتی، جەنگاوەر و پاڵەوانەکان)، کە ئەفلاتوون بە ئەرێنی ئاماژەی پێداوە، ئەم مەبەستە شیعرییەش سود بە بارودۆخی ئاینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەیاندوە، هۆکارێک بوە بۆ هاندان، ئازایەتی، پەروەردەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکی کوردی لە کۆمەڵگادا.

٢. ئەفلاتوون ئاماژەی بە بنەمای ناوەڕۆکی پەسەند بۆ شیعر کردوە، کە لە شیعرکانی هەر یەکە لە (نالی، سالم و کوردی) ڕووبەرێکی فراوانی هەیە. ئەم بابەت و ناوەڕۆکانەش خۆی لە شیعری جۆراوجۆر و مەبەستی جیاجیای شیعری دەنوێنێت، وەک "شیعری شانازی و ستایشکردن، شیعری بەرگری و نیشتمانی، شیعری ئاینی و سۆفیگەری و شیعری ئامۆژگاری و کۆمەڵایەتی".

٣. لە شیعرەکانی هەر یەکە لە (نالی، سالم و کوردی)ستایشی کاری چاکە و ئازایەتی میرەکانی میرنشینی بابان و پاسەوان و جەنگاوەرانی ئەم میرنشینە، ڕەنگدانەوەیەکی فراوانی هەیە. هەر شاعیرێک، بە سروشتی شیعری و ئەزموونی خۆی، ئەمەی وێناکردوە. لای "نالی و کوردی" زیاتر چوارچێوەی ناوەڕۆکی ڕێز و خۆشەویستی و سەرسامبوون و ستایشکردنی میر و جەنگاوەرکان وێناکراوە، بەڵام "سالم"ی شاعیر لەگەڵ هەموو ئەمانە،

ستایشی ئازایەتی و قارەمانییەتی و مەیدانی جەنگ و لێهاتوویی جەنگیی میر و جەنگاوەرکانی میرنشینی بابانی کردوە، ئەم ستایشکردنەش کاریگەریی ئەرێنی بەسەر ورە و هاندانی خەڵکەوە هەبووە.

سەرچاوەکان

یەکەم ـ کتێبە کوردییەکان


- ئەفلاتون١ (٢٠٠٦) *کۆمار*. وەرگێڕانی: سۆران عومەرحەمە ـ ڕێبوار قارەمانی ـ مەهدی حەسەن چۆمانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
- ئەفلاتون٢ (٢٠١٠) *سەرجەمی بەرهەمەکانی ئەفلاتون*. وەرگێڕانی: عیمران هاواری، بەرگی دووەم. چاپی یەکەم، سلێمانی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما.
- بەرزنجی، ئازاد (٢٠١٦) *تیۆری دراما لای ئەرستۆ*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
- تۆفیق، د. ئاڤان عەلی میرزا (٢٠١٣) فەرهەنگی شیعرەکانی سالم لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبی فارسیدا. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- حوسێن، سەنگەر نازم ـ مەولوود، ڕێزان سالح (٢٠١٨) *ژانرە ئەدەبییەکان،* چاپی یەکەم، هەولێر، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر.
- خەزنەدار، د. مارف (٢٠١٠) *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی سێیەم، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
- راسێل، بیرتراند (٢٠١١) *مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا*. وەرگێڕانی: فازڵ محمود وەلی. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ڕەسول، د. عیزەدین مستەفا (٢٠٠٥) *بۆ زمان*. چاپی ؟، سلێمانی، چاپخانەی شیڤان.
- سالح، هاشم (٢٠٠٩) وێستگە گرینگەکانی فەلسەفەی ئەورووپی. وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد. *گۆڤاری سەردەم*، ژمارە٦٠. سلێمانی.
- سالم (٢٠١٥) دیوان. ساغکردنەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ فاتح عبدالکریم ـ محمدی مەلای کەریم. بەرگی یەکەم، دووەم. سلێمانی، چاپخانەی بنکەی ژین.
- سعید، نوزادوقاص (١٩٩١) *شیعری نیشتیمانی سالم (١٨٠٥ ـ ١٨٦٩)*. نامەی ماجستەر، بەشی کوردی. کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەلاحەددین.
- سەعید، د. ناز ئەحمەد (٢٠١٧) *دەنگی مستەفا بەگی کوردی لە شیعری کلاسیکی کوردیدا*. چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپ و پەخشی ڕێنما.

- عەزیز د. حەمید (٢٠٠٥) *سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان.* چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی شیڤان.
- فەیزی بەگ، ئەمین (١٩٢١) *ئەنجوومەنی ئەدیبانی کورد.* چاپی دووەم، ئەستەنبول، مەتبعەی تەرجومانی حەقیقەت.
- کوردی، مستەفا بەگی کوردی ساحێبقڕان (٢٠١٠) دیوان. لێکۆڵینەوەی: محەمەد مستەفا حەمەبۆر، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم و دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس.
- گەردی، پ.ی.د. سەردار ئەحمەد (٢٠١٧) *ڕەخنەی ئەدەبی.* چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.
- نالی (١٩٧٦) دیوان. لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس ـ فاتح عبدالکریم. پێداچوونەوەی محمدی مەلای کەریم. بەغداد، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.

چوارەم: کتێب بە زمانی عەرەبی

- عثمان، د. عمر (٢٠١٦) *معايير النقد الأدبي عند العرب واليونان،* طبعة الأولى، لبنان، المؤسسة الحديثة للكتاب.
- الماضي، شكرى عزيز (١٩٨٤) *محاضرات فى نظرية الادب.* الطبعة الاولى، القسنطنينه، دار البحث للنشر.



**ملخص**

ويعد هذا البحث وسيلة لعرض مضمون شعر المدح عند الأمراء البابانيين في إطار نظرية أفلاطون وهي قبول شعر المدح.

المدح هو أحد المواضيع التي تشكل محتوى الشعر إلى جانب موضوعات أخرى، وينعكس هذا الغرض على المستوى الفكري للنص، انطلاقا من تأثير الأخلاق والمنفعة العامة مثل شعر المديح، وخاصة مدح القادة الأبطال، الذي يرى أنه يحمل محتوى مناسبًا ومنفعة عامة.

ولا يستثنى الشعر الكردي من هذا النوع من الغرض الشعري، فمن هذا المنطلق فإن هذه القصائد التي تحمل مضمون وهدف المدح، تتم مناقشتها في مدرسة الشعر البابانية، وخاصة هذه القصائد المكتوبة لأمراء إمبراطورية بابان و محاربيهم. ويتم تفسير وتقييم وجود مثل هذه القصائد من حيث آراء أفلاطون ومبادئ قبول الشعر، وبالنسبة لهؤلاء الشعراء يتم عرض الأثر الإيجابي والاجتماعي لشعر المديح في المدرسة الشعرية البابانية نتيجة المعلومات التاريخية والتقييم والتحليل. ومن القصائد نستطيع أن نفهم الجوانب الفنية لهذا الغرض الشعري.


**الكلمات المفتاحية: التفضيل الشعري، شعر المديح، الغرض الشعري، التأثير الأدبي، مدرسة بابان.**